# کاتێك شاعیر دەبێت بە سیاسی یاری کردن بە وشە دەدۆڕێنێ

**عەلی مەحمود محەمەد ٢٠-٤**

من لەگەل ئەو بۆ چونەدام نوسەران و هونەرەندان بە تاییەتی شاعیران ئەگەر ژن بێت زیاتریش بیروباوەڕی هەرچیەك بێت چەندە بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی منیش بیر بکاتەوە پێویستە ڕێز لە وشەو خەون و ئەندێشەکانیان بگرترێت. بە چاوی حزب و سەرکردەو ئایدۆلۆجیاوە سەیری وشەو خەونەکانیان نەکرێت، هیچ کاتێك خەون چەندە ئەفسانەش بێت زیانی بە کۆمەلگە نەگەیاندوە، ئەوانەی زیانیان بەخشیوە ئەو مرۆڤانە بون دل ڕەق و دور لە خەونی خۆشەویستی زیاتر مرۆڤە سیاسیەکان بون. کۆمەلگای بێ شاعیر کۆمەلگەیەکی بێ فەنتازیاو مردوە و ڕەنگی ژیانی لە دەست داوە. نوسەران و شاعیرانیش کە بە ناچاری کران بە حزبی ئەوە ئەو حزبە ئەو شاعیرو نوسەرو هونەرمەند دەکوژێت چۆن لە کوردستان دوای ڕا پەڕین دەیانیان لە برسان کوشت و ناچاری قەلەم فرۆشتنیان کردن.

لەم کورتە نوسینەدا دەمەوێت گفتو گۆ لە سەر وتارێکی سیاسی مهاباد قەرەداغی شاعیر بکەم هیوادارم ڕێزم لە وشەو خەونە خۆشەکانی شاعیر گرتبێت. بەڕێزی لە ڕۆژی ١٤–٤ دا لە سایدە کوردی یەکاندا وتارێکی بە ناوی (بەرژەوەندی نەوتی یان بەرژەوەندی نەتەوەیی) بلاوکردۆتەوە. من وەك کەرکوکییەك هەرچەندە خۆم بە چەپ و ئەنتەرناسوێنالست دەزانم بەداخیشەوە لەزۆر گروپەوە تەسکیەی ئەمەم بۆ نەکراوە کە ئێستا مۆرەکەیان بەدەستە، بەلام کە گوێ بیستی وشەی حەسیرەکەو کەرکوك دەبم یاخود لەنوسیندا پێی شاد دەبم جیهانم لا بە ئەندازە لولە نەوتەکان باوەگوڕگوڕ بچوك دەبێتەوە. تا ئێستا خۆشی گەڕەکە دارماوەکانی بلاخو ئاخر حوسێن و حەوشە ١٥ خێزان یەکەی مال مام سدیقم لە هیچ شارێکی ئەوروپا بالەخانە دەیان نهۆمیەکانی دا نەبینیەوەتەوە. بۆیە هەر بابەتێك لەسەر کەرکوك دەنوسرێت بەخێرا قەپی لێ دەدەم تال یان شیرین دەیان خوێنمەوە لەزەت لەهەموی دەبینم.

مهاباد دەنوسێت (*سەرەکیترین فاکتەری کەرتکردنی کوردستان و پەرت کردنەوەی نەوتی کوردستان بوو.*) نوسەر هەرچەندە خۆی بە قەلەم بەدەستێکی ناسوێنالست دەزانێت هەمو بەیانیانێك واجبە لەسەری ڕۆژی تازە بە ئەی ڕەقیب بکاتەوە لە بیری چوە لەو سرودەدا خۆزگە بە گەڕانەوە بۆ دوا دەسەلاتی لە دەست چووی کوردان دەخوازرێت کە میدیایە خەونی خۆشی کورد گەڕانەوەی ئەو قەوارە لە دەست چویە، لەو ساوە کورد بە خاك و گەلەوە دابەش کراوەو هەر ژێر دەستی گەلانی کە بوە خۆ ئەوساکە نەوت لە ئارادا نەبوو لە مێژوی نوێشدا بەدوای جەنگی جیهانی یەکەم جیهان بە گشتی بە بیابان و بەراوەوە، ئاسیاو ئەفریقاوە، دەولەمەندو هەژارەوە، نەوتاوی و بێ نەوتەوە داگیر کراو دابەش کرایەوە میراتی ولاتە پیرو نەخۆشەکان نۆشی گیان کران نمونەی کورد ئاسا زۆرە ئەوەی من بزانم بلوچ و بەربەر و تامیل نمونەیەکی کەمی کورد ئاسان کە نەوتیان بۆ ناو چاویش نی یە، ئەگەر کەمێك مێشك بگوشیت و بگەڕێیتەوە سەر کۆنە بیروباوەڕەکەت ئەگەر شارەزایت لەسەری هەبوبێت یاخود لە یادت مابێت لەو فەرهەنگەوە دابەش کردنەوەی جیهان بخوێنیتەوە بە ئەنجامی باشتر دەگەیت، کوردستان لە مۆزەمبیقیش بوایە هەر داگیر دەکرا، مەسەلەکە بازاڕ و کەرەسەی خاوو کۆنترۆل کردنی جیهان بوو.

پاشان دەنوسێت (<u>بەرژەوەندی نەوت وا دەکات عەرەب لە پارچە پارچە</u> <u>کردنی خاکی عێراق بترسێت</u>) ڕاستە نەوت گرنگی زیاتر دەدات بە کوردستان بەلام بێ نەوتیش جیابونەوەی کوردستان بۆ ناسوێنالزمی عەرەب بە مانای لێ کردنەوەی بەشێکە لە جەستەی نیشتمانی عەرەبی. جیابونەوەی کوردستان نەك بۆ عەرەب بەلکە بۆ تورکیاو ئێرانیش کارەساتە ئەوەندەی تورکیا نیگەرانە عەرەب نا خۆ نەوت لەو پارچانەدا نی یە، بەهەمان شێوە عەرەب لە جیابونەوەی ئەمازیغ و قبتی و بیابانی ڕۆژئاواش ڕوحی چوە خۆ نەوت لەوێ بۆ ناو فانۆسیش نی یە. لێرەدا سنوری دەسەلاتی نەتەوەو قەوارەی بازاڕ و کەرەسەی خاو بە نەوتیشەوە و هێزی کاری هەرزان ڕۆل دەبینێت. کەم نین ئەو ولاتانەی ناکۆکی سنورییان هەیە لە سەر ناوچەی وشك و برنگی بیابانی یاخود چیای ڕوتەن. گرنگترین خال دەمەوێت لێرەدا لەسەری بوەستم ئەو زانیاریانەیە لەسەر نەوتی کەرکوك هاتوە لە باسەکەی خاتوو مهابادا. *دەنوسێت (نەوتی کەرکوك ٤٠٠ سالی تریش بەو خێراییو لێشاوەوە لە هەلقەلن بەردەوام دەبێت) (نزیك ١٠٠ سالە هەلدەقولێ و ٤٠٠ سالی تریش لە هەلقولیندا دەبێت کاتی خۆیەتی بۆ مەبەستی بەرژەوەندی کورد بەکار بهێنرێت)*

باوەڕ ناکەم نوسەری هیچ گەلێك وەك نوسەرانی کورد جورئەتیان هەبێت دەست نەپارێز بن لە نوسینداو لە وشەکان خۆیان

نەترسن. لەکاتی پێویستدا دەبن بە فەیلەسوف و پسپۆری بوارە جیاجیاکان، لە داڕشتنی ئاماردا پێویستیان بە سەرچاوە نی یە لە گۆترەم کاریدا بێ ڕەقیبن چۆن ئارەزو بکەن ئامار بە کردن دەدەن بۆ نوسینەکانیان، لە شیعردا شاعیر ئازادە لە بەکار هێنانی وشەدا بەڵام لە سیاسەتدا خەونی بێ مانا کۆمیدیایە، ئاساییە لە شیعردا شەیتان بکوژیت یاخود ناو دەمی بمژیت یان دەس بە بەرۆکی خواوە بگریت و داوای دلداری لێ بکەیت و ببیتە پێغەمبەری ئەم سەردەمە یان هەر نەبێت بچیت بۆ مەریخ لەوێ نانێکی هەورامی بە ماستی هەولێرەوە بخۆیت. بەڵام ئەم وشەو بۆچونانە لە سیاسەتدا کارەسات دروست دەکات و حکومەتی پێ دەڕوخێت و حزبی سیاسی لەسەر هەڵەوەشێتەوە. سەرم سوڕ ماوە لو ئامارانەی مهاباد خان لەم نوسینەدا بەکاری هێناوە حەزە کەم سەرچاوەکانیان بزانم ئەگەر هەبن. دەمەوێت لێرەدا چەند زانیارییەکی سەرەتایی لەسەر نەوتی کەرکوك بدەم بە خوێنەواران.

نەوتی کەرکوك عوسمانی یەکان لە سالی ١٦٣٩ *ەوە بە شێوەی سەرەتایی دەریان هێناوەو کەلکی لێ وەرە گرن و ئەم کارەیان بە نەفتچی یەکان کەرکوك بەخشی وەك ئیمتیازاتێك بە تورکمانەکان لە کەرکوك. بەڵام لە سالی ١٩٢٧ ەوە نەوت لە کەرکوك بە شێوەی ڕەسمی دەرهێنراوەو کۆمپانیای نەوتی تورکیا بەم کارە هەلسا تا سالی ١٩٧٤ ڕێژەی ٧٠%. ٢ نەوتی عێراق لە کەرکوك دەر هێنراوە. **

لە عێراقدا ٢٠٠٠ بیرە نەوت هەیە لەوانە ١٥٠٠–١٧٠٠ بیری نەوت بەرهەم دێنێ. ٧٣ کێلگەی نەوتی تیایە لە ١٥ ەیان نەوت بەرهەم دەهێنرێت. نەوتی کەرکوك لەسەر ژمارەی بیرەکانی بۆچونی جیا هەیە لە نێوان ٣٣٧*** و ٤٠٨ ****. نەوتی کەرکوك بە یەکێك لە نەوتە هەرە باشەکانی جیهان دەناسرێت بڕی فسفۆر تیایدا ١. ٩٣% و ئا پی ئای ٣٥ ە. بڕی یەدەکی نەوتی کەرکوك ١٠ ملیار بەرمیلە کە تا ئێستا بەشێکی بەرچاوی لێ دەرهاتوە و پێشبینی دەکرێت پێش بەشێك لە کێلگەکان دیکەی عێراق وشك بکات. بەڵام قورنە ٢٠ ملیار و مەجنون ١٣ ملیار و ڕمێلە ١٠ ملیار***** بەرمیل نەوتییان هەیە بەشێکیان تا ئێستا دەسیان لێ نەدراوە. نەوتی کەرکوك ئێستا ڕۆژانە ٩٠٠٠٠٠ بەرمیل نەوتی لێ بەرهەم دەهێنرێت. بە بونی بۆڕییەکی یەدەك لە پالیا بۆ ناردنی ٥٠٠٠٠٠ بەرمیل، وە پێش بینی وا دەکرێت بۆ ئاییندە بڕی نەوتی دەرهێنراوی عێراق بە ڕێژەی ٥٠٠%زیاد بکرێت. ئایا بەڕێزم ئەم نەوتە چۆن بەشی ٤٠٠ سال دەکات. بەگوێرەی بڕی نێردراوی کۆن بێت ئەگەر یەك قەترەش بۆ ئەم ٤٠٠ سالە زیاتر بەرهەم نەهێنرێت ئەوا ساڵانە نزیك ٣٣٠ ملیۆن بەرهەم دێنێ بۆ ١٠٠ سال دەکاتە ٣٣ ملیار بۆ ٤٠٠ سالەکە ئەگەر چالەکان کونیش نەبن نەوتیان لێش نەچێت ئەوا دەکاتە ١٣٢ ملیار بونی ئەم ڕێژە نەوتەش بۆ کۆمپانیاکەی مام سەردار پشدەری مژدە بەخشەو لەوانەی نرخی سەهمەکەی بەڕادەی زۆر بەرز بێتەوە. هەرچەندە دەزانم مهاباد خان ویستویەتی گرنگی کەرکوك زیاتر بکات بۆیە بڕی نەوتەکەی زیاتر کردوە ئەمەش جێگەی سوپاسی ئێمەی کەرکوکی یە، دیارە لە زوەوە لای دەسەڵاتدارانی کورد کەرکوك نەوتەکەی گرنگ بوە نەك خەلکەکەی هەر بۆیە ئاوارەکانی کەرکوك بێ ماف ترین کەس بون لە کوردستانی ئازادا لە ماوەی ئەم ١٢ سالەدا. لە بەشێکی کەی نوسینەکەیدا دەنوسێت (شاری کەرکوك زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردە) لێرەشدا بەڕێزی پشتی بە ئامارو سەرژمێری نەبەستوە تەنها سۆزی بەرزی کوردایەتی و شاعیری بەسەر نوسینەکەیدل زالە وەك باسم کرد شاعیر تەنها پشت بە سۆز دەبەستێ نەك ئامار. با پێکەوە سەیری ئاماری دانیشتوانی شاری کەرکوك بکەین لە سالی ١٩٥٧ کە پسپۆرانی کورد لە نوسینەکانیان پشتی پێ دەبەستن و لێی ناترسن. کورد ٤٠٠٤٧ – عەرەب ٢٧١٢٧ – تورکمان ٤٥١٠٣ – کلدان و ئاشوری ١٥٠٩ . سەرجەم پارێزگا کورد ١٨٧٥٩٣ عەرەب ١٠٩٦٢٠ – تورکمان ٨٣٣٧١ – ئاشوری ١٦٠٥ ******.

ئەمەش ئەوە دەرەخات کەرکوك چوارچێوەی جوگرافیاکەی کوردستانە بەڵام خودی کەرکوك بەتەنها کوردی نی یە. ئەم دیاردانەش ئاسایە لە زۆر وڵاتدا هەیە بەهەمان پێوانەش دەتوانین بلێین نە قوچان لە ئێران و نە قۆنیا لە تورکیا کوردستان نین بەڵام کورد زۆربەن تیایاندا، بەم شێوەیە ئاساییە کەرکوك کوردستانی بێت نەك تەنها کوردی، لە بیرمان نەچێت خۆمان قوربانی دەستی ستەمی نەتەوایەتین و نەتەوەیەك نەتەوەیەکی کە بچەوسێنێتەوە خۆشی ئازاد نی یە.

*پرۆفیسۆر ئازاد شێخانی سەنتەری برایەتی ٢٠

** هەمان سەرچاوە

*** شەرق ئەوسەت ١٩–٤

****حەیات ژمارە ١٤٦٢٨

**[*****]شەرق ئەوسەت ١٩-٤ ئەحمەد یوسف**

**[******]د. نوری تالەبانی پەرتوکی ناوچەی کەرکوك لەندەن ١٩٩٥ بەزمانی عەرەبی**

**بە ئاواتم مهاباد خان زویر نەبێت شاعیران ناسکن کەمتر ڕەخنە قەبولە کەن ئەم بابەتەش تەنها بۆ گرنگی دانە بە کەرکوك**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت